**هەڵوەرینی یەکێتی نیشتمانی!**
**عوسمان حاجی مارف**

دەنگۆی ئەوە هەیە کە گوایە دامەزراندنی "کۆمەڵەی مارکسی لینینی" واتە ئەوەی کە دواتر بوو بە "کۆمەڵەی رەنجدەران"، پرۆژەیەکی تایبەت بە شەخسی جەلال تاڵەبانی بووە! لەهەمانکاتدا گەر واش نەبێت، لەگێڕانەوەی ئەو مێژووەدا ئەوە شاراوەنیە کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەئاگاداری و پرسوڕای جەلال تاڵەبانی کۆمەڵەیان دامەزراندووە.
بەدوای هەرەسی هێزەکانی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥دا، کە لێدانی گورزێکی قورس بوو بەسەر بزوتنەوەی کوردایەتیدا، تەشەنەکردنی پرۆژەی کۆمەڵە لەو دەورانەدا شێوازو چوارچێوەیەکی گونجاو بوو، تا تاڵەبانی و بزوتنەوەی کوردایەتی بەناوی مارکسی لینینی و "شۆرشی نوێ"وە، هێزێکی تری چەکداری بکێشنە ناو مەیدانی سیاسی دژی ڕژێمی بەعس بۆ هەڵسانەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی.
دواتر هەر بەدەوری خودی تاڵەبانی "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" ئەو چوارچێوەو ڕێکخراوە بوو، بە پێکەوەگرێدانی کۆمەڵەو حزبی سۆشیالست و خەتی گشتی دامەزرێندرا، کە شەخسی یەکەم و ڕابەریکردن و بڕیاردەری سیاسەتەکانی یەکێتی لە جەلال تاڵەبانی زیاتر تێپەری نەدەکرد. بۆیە ئەوە شاراوە نیە کە کۆمەڵە توایەوەو حزبی سۆشیالستیش جیابووەوە، بەڵام پێگەی یەکێتی وەک حزبێک و بنەماڵەیەک لەمەیدانی سیاسیدا تائێستا، هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی و سیاسی خۆی دەکات.
کاتێ جەلال تاڵەبانی لە سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی بیست، وەک جەلالی کەوتە بەرامبەر بەرزانیەوە، ئیتر کۆتایی یەکریزی بۆرجوازی کورد و کوردایەتی لە مێژوی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بۆ هەمیشە تۆمارکرا. وەک دوو هێزی جیاواز و بەرامبەر بەیەک و بەرژەوەندی جیاواز، ململانێیان بۆ بەشداریان لەدەسەڵاتی حکومەتی سەرمایەداری عێراقداو خۆ هەڵواسینیان بەسەر مەسەلەی کورد لە عێراقدا، ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیان تەواو هەراسان و وێرانکرد.
هەرچەندە "شۆرشی نوێ" کەی تاڵەبانی بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدوای ئەو داڕوخانە گەورەیەی بارزانی، وەک ئەڵتەرنەتیفێک بۆ گەرانەوەی دەوری بۆرجوازی کورد لەمەیدانی سیاسی کوردستانی عێراقدا هاتەمەیدانەوە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیەکان وەک باڵێکی پێشینەی نوێنەری بورجوای کورد بەئاستێکی تر لە هاوسەنگی هێز، هەڵسانەوەی خۆیان سەلماندەوە. توانیان لەبەرامبەر یەکێتی نیشتمانیدا بوەستنەوەو کارەساتی هەکاری بەسەر یەکێتیدا بهێنن. هەربۆیە خەونی تاڵەبانی و ئومێدی بە "شۆرشە نوێ"کەی گۆڕدرا بەسەرقاڵبون بە شەڕی ناوخۆو بەردەوامیدانی وەستانەوە لەبەرامبەر بارزانیەکاندا، لە پێناو باڵادەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرمەیدانی سیاسی کوردستاندا، کە هەرگیز نەگەشتە ئەو ئامانجە. ئەم دوو هێزە بەهەر ئاستێک لەشەڕی چەکدارییان لەبەرامبەر دەسەڵات و لە نێوان خۆیاندا، دواتر جارێکی تر لەساڵی ١٩٨٨دا کەوتنەوە بەر پاشەکشەو نزیکبونەوە لە هەرەسێکی تر.
بەڵام ئەو ئاڵوگۆرە جیهانیەی لەئاکامی شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان و ناوچەکەی بەرەو ناجێگیر برد، فرسەتێکی گونجاوی بۆ باڵەکانی بۆرجوازی کورد بەتایبەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی خولقاند، تا لەبری پاشەکشەو هەرەسهێنانێکی تر، گیانیان بەخۆیاندا هێنایەوەو بوونە بەشێکی سودمەند لەو ئاڵۆزی و گێژاوە سیاسیەی کە سێ دەیە زیاترە ناوچەکەی خنکاندووە.
گەر بەگشتی ئەوە ڕۆشن بێت، کە باڵەکانی بۆرجوازی کورد، وەک هێزی جیاواز لەئاکامی لاوازی و پەرشوبڵاوی پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، هیچ کات نەیان توانیبێت سەربەخۆیی سیاسی خۆیان بپارێزن، لەهەمانکاتدا ناچار بوون بە پاشکۆبونیان بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی ووڵاتانی تر بوونی خۆیان بسەلمێنن، تا بتوانن پێگەیەکی دیاریکراو بەدەست بهێنن.
لەم واقیعەتەدا بەگشتی پلانەکانی پارتی و بارزانیەکان بەرجەستەترو سەرکەوتوتر بوە لە پلانەکانی یەکێتی و دەستکەوتیان زیاتر بووە. بەمانایەک ئاسۆی پرۆژەکانی تاڵەبانی لەبەرامبەر بارزانیەکاندا، هەرچەندە باڵادەستی خۆی لەزۆنی سەوزدا سەلماندوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە یەکێتی نەیتوانیوە ئاستی هاوسەنگیەکی گونجاوتر لەبەرامبەر پارتی و بارزانیدا بپارێزێت، بۆیە بەهەر ئاستێک لە هەوڵی ململانێ و دانوسان و ڕێکەوتنی نێوانیان، یەکێتی خەسڵەتێکی ئۆپۆزسیۆنی لەبەرامبەر پارتیدا نیشانداوە، هەڵبەتە خەسڵەتی ئۆپۆزسیۆنیش یەکێتی خستۆتە بەردەم پێگەیەکی لاوازو چاوەڕوانیەوە.
ئەم واقیعەتی ئۆپۆزسیۆن بونەی یەکێتی لەبەرامبەر پارتیدا، سەرچاوەی شکستی پلانە سیاسیەکانی یەکێتی بووە، لەهەمانکاتدا سەرچاوەی کەرتبون و پەرشوبڵاوی هێزەکانی بووە. یەکێتی نەیتوانیوە یەکدەستی و یەکریزی هێزەکانی بپارێزێت. جیابونەوەی نەوشیروان و گۆڕان لە تاڵەبانی گەورەترین گورزێکی گەورە بوو بەسەر ستراتیژیەک، کە تاڵەبانی لەگەڵ بارزانیدا واژۆیان کردبوو، چونکە ڕێکەوتنی ستراتیژی ساڵی ٢٠٠٨ی تاڵەبانی لەگەڵ بارازنیدا پاشەکشە بوو لەو ستراتیژەی کە تاڵەبانی هەر لەسەرەتاوە، بەدامەزراندنی یەکێتی و ڕێکخستنی هێزەکەی، خۆی لەبەرامبەر بارزانیدا پێ پێناسە دەکرد، بۆیە بەشێکی زۆری هێزەکەی لە تاڵەبانی توران.

بەمانایەک لەلایەک ڕێکەوتنی ستراتیژی یەکێتی و پارتی بە قازانجی پتەوکردنی پێگەی پارتی بوو، کە هاوسەنگی هێزەکەی تاڵەبانی خستە ژێر پرسیاری خۆڕادەستکرنی زیاتر بە بارزانی، لەلایەکی ترەوە لێکجیابونەوەی نەوشیروان و گۆڕانی لێکەوتەوە، واتە گرفتێکی گەورە لە دەسەڵاتی زۆنی سەوزدا سەری دەرهێنا، کە لەهەر هەنگاوێکی تری دوای ڕێکەوتنی ستراتیژی، سەرکردایەتی یەکێتی و ڕێکخستنەکانی و هێزەکەی لێکترازان و پارچەپارچە بوونی خۆی نیشاندابن، چارەنوسی شکست و هەڵوەرینی بزوتنەوەی گۆڕانیش دیاردەیەکی تەواو بەرچاوە، چونکە گۆڕان بەدوای سیناریۆی دژی پارتیدا، ڕێکەوتنی لەگەڵ پارتی ئەنجامدا.
هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی پێکەوەنوسانی پارچەو باڵەکانی یەکێتی، گاڵتەجاری ئەو کۆنگرەیە بوو کە سەرکردایەتی یەکێتی ڕادەستی دوو هاوسەرۆک کرا، ڕادەستی بافڵ و لاهور کرا! لەهەمانکاتدا بێئیعتبارکردنی تەواوی سەرکردایەتی پێشوی یەکێتی لێکەوتەوە. ئەمەش ئەو هەنگاوە بوو کە هەڵوەرینی یەکێتی نیشتمانی دەورەیەکی تازەی خستە پێش خۆی. ئەو یەکێتیەی دەیویست وەک هێزێکی بۆرجوا ناسیۆنالیستی میلیشیایی لەبەرامبەر بارزانی و پارتیدا بجەنگێ، پرۆژەکەی نەک بە بنبەست گەیشت، بەڵکو لەبەردەم ناچاری ملکەچبونی بارزانیدا قەراریان گرتووە.
ئەم واقعیەتە مایەی هەڵوەرینی زیاتری یەکێتی نیشتمانی دەبێت لەم هەلومەرجەی ئێستادا، واتە نە یەکگرتنەوەی پارچەو باڵەکانی بە فریایان دەکەوێت، نە ملشکاندنی یەکتر. یەکێتی نیشتمانی و باڵەکانی بە بافل و لاهورەوە، ئەو دەورەیان تێپەڕاند کە بتوانن ڕەقیبی پارتی بن. لەهەمان کاتدا هەر ڕێکەوتنێکیش لەگەڵ پارتیدا ئەنجام بدەن، چەند هەنگاوێکی تر پاشەکشەیان پێدەکات و هێزەکەشیان هەڵوەرینی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت. یەکێتی نیشتمانی لەدەورانێکی تەواو بنبەست و بێئعتباری پێگەی هێزەکەیدا گەمەی سیاسی دەکات، بۆیە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕێکە بەڵکو فرسەتی گەڕانەوەی پێگەو ئیعتبار بەدەست بهێنێتەوە. ئەم چاوەڕوانیەش ئاسۆکەی نادیارو بنبەستە، بۆ هەر یەک لە باڵەکانێشی ڕۆشن نیە دەبێت چی بکەن، هەربۆیە شەرمەزاریە بۆ هێزێک کە نەیتوانیوەو ناتوانێ یەکریزی خۆی بپارێزی، کەچی دروشمی یەکریزی کورد بەچارەسەری کێشەکان بەیان دەکات.
ئەوە ماوە بڵێین کۆتایهێنان بەم سەرگەردانیەی کە حزبەکانی کوردایەتی بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا سەپاندویانە، تەنها هاتنەمەیدانی خەبات و ناڕەزایەتی بەرفراونی جەماوەریە بۆ دابینکردنی دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا.